# کوردستان لە سەفەرنامەی «ئووژین ئووبین»دا

لە فەڕەنسییەوە بۆ فارسی: عەلی ئەسغەری سەعیدی
لە فارسییەوە: فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

(١- ٢)

**ئاماژە**

ئووژێـن ئووبێـن (١٨٦٣- ١٩٣١ز) وەک هەوەڵیـن باڵوێـزی فڕانسـا، لـە سـاڵی ١٩٠٦-١٩٠٧ی زاییـنیـدا نێردراوەتـە ئێـران، دەسـکەوتی ئـەم ڕاسـپاردەبوونەی لـە کتێبێکـدا بـە نـاوی «ئێرانـی ئەمـڕۆ» بـە وردی نووسـیوەتەوە کـە وەکـوو لەسـەر ناوەکـەی دەردەکـەوێ بریتـی لـە هێنـدێ باسـە سـەبارەت بـە بابەتگەلـی جۆراوجـۆر لەمـەڕ ئێـران؛ وەک پێناسـەی شـارەکان، مێـژوو، شۆڕشـی مەشـرووتە و دابونەریت و عادەتـی ئێرانییـەکان و... تـاد. لـەم وەرگێڕانـەی بەردەسـتدا، بەشـێک لـە کتێبەکـەی ئووبێـن لەژێـر نـاوی «لـە وڵاتـی کوردسـتان» پاچڤە کراوەتـە سـەر زمانـی کـوردی.

هـەر وەک خۆیایـە سـەفەرنامەکان بـە هـۆی پێوەنـدی ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ خەڵـک و کۆمەڵگـە، هەڵگـری زۆر خاڵـی تۆکمـە و دانسـقەن کـە کـورد گوتەنـی لـە قوتـووی هیـچ عەتارێکـدا نیـن؛ بـۆ وێنـە لـە بەشـی سـەر بـە کوردسـتاندا، چۆنیەتـی ڕێگاوبان و زەویوزار، خەمڵاندنی ئەسـپ، ڕەوشـتی پێشـوازی لـە میوانـی بیانـی، جـۆری جلوبـەرگ و پێکهاتـەی ڕەنگەکانیـان، پێداهاتنی (توصیـف) ئاغـای کورد بە وردی، ناوی ئامێرەکانی مۆسـیقای کـوردی، گێڕانـەوەی یاریـی تەقڵـە و جلیتـان و شـێوەی بەڕێوەبردنەکـەی، باسـی مێـژووی دوو هـۆزی موکـری و دێبوکـری، ڕاپـۆرت لەسـەر

تەریقەتەکانی باو لە ناوچەکوردنشینەکان، حاڵ لێ هاتنی دەروێشەکان، هەڵپەڕکێ و بووک هێنان، گۆرانیی فولکلۆر و... تاد، بەشێکن لەو بابەتانەی کە لەم گەشتنامەیەی ئووبێن پەنجەیان خراوەتە سەر و هەر لە سۆنگەی گوزارشتەکەی ئەوەوە، بەختەوەرانە بۆمان پارێزراوە. هەڵبەت جێی ئاماژەیە کە ئووبێن لە یەک دوو بەشی تری ئەم کتێبەدا لەژێر ناوی «پارێزگای کرماشان» و «دەروازەکانی زاگرۆس»، سەبارەت بە کورد دواوە کە لێرەدا نەهاتووە.

## بەرەو سابڵاغ

لە دەروازەی بازارپاشییەوە لە ورمێ هاتینەدەر. دیوارەقوڕینەکان دەوروبەری جادەیان گەمارۆ داوە. ڕەوگەی ئێمە بە ناو گوند و باخی ڕەز و بێستان و مەزرای گەنم و هەرزندا تێ دەپەڕی. لە نزیک گۆلی ورمێ، ئەستێر و برنجەجاڕی زۆری لێ بوو. لە کێڵگە پڕ داربییەکان، تا چاو هەتەری دەکرد کشتوکاڵ دەبینرا. هەر چۆن بوو بە نێوان دوایین لاپاڵەکانی زنجیرەکێوی گەورە و چیای بە تاق ماوی «بیزوداغ»دا تێپەڕ بووین. پردێکی چوار چاوە، بەسەر «شاری چایی»ەوە هەڵبەسترابوو، پاشان دەشتی «بارئەندووز».

کەم کەم، گردەکان لێک نزیک دەبنەوە. دەگەینە لێو گۆلەکە. بەستێنەکەی بە خڵتەی خوێ و لیتەی بۆگەن داپۆشراوە. لەو بەشەی وا داری زۆرتر لێیە، چەند گوند لە مەودای دوور لە یەک هەڵکەوتوون کە بریتین لە «ڕەشکەند» و «داش ئاغول» و «دیزەج» لە ٤٢ کیلۆمەتری ورمێ، پاشان گەلی «دول» لەکۆتایی پارێزگاوە دەست پێ دەکا، ئیتر هیچ ئاسەوار و شوێنێک



ئووژین ئووبین

لە ئاوایی گاوران نابینرێ. دانیشتوانی «دیزەج» بەگشتی سوننەن و بنکەی نیشتەجێی «قازی»ش کە هەم پێشەوای ئایینی و هەم دادپرسی بیست گوندی سوننەنشینی ئەم دۆڵەیە، لەم ئاواییە هەڵکەوتووە، زۆربەی خەڵکی دیزەج لەسەر مەزەبی شافیعین. چەند بنەماڵەش لە قەوقازەوە هاتوون و هەروا پەیڕەوی مەزەبی حەنەفی ماونەتەوە.

«مەلا عەبدوڵڵا قازی» کڵاوێکی قووچی کوردیی لەسەر دەکا و بە دەوریدا، مێزەرێکی سپی هەڵدەپێچێ. مەلایەتی خۆی لە فێرگەیەکی کوێستان تەواو کردووە و بۆ گرتنەوەی جێی باوکی، هاتووەتە دیزەج. خەڵکانی خاوەن سکاڵا پەیڕەوی هەر مەزەبێک بن، ئەو بەپێی مەزەبی شافیعی، بۆ کێشەی نێوانیان بەدواداچوون دەکا و بڕیاری کۆتایی دەردەبڕێ.

قێزدێرمە دێرەسی (دۆڵی ترس)، تێپەڕگەیەکی تۆقێنەرە کە کوردەکان لەوێ قەتاری ئەو گوێدرێژانەی لە باشوورەوە بۆ ورمێ گەنم و جۆ ڕادەگوێزن، دەدەنە بەر پەلامار. لێرە بە دواوە هەر کەس دەبینین، تفەنگێکی بەشانەوەیە و جلوبەرگی کوردیی لەبەر دایە کە بریتییە لە: پاتۆڵێکی فش (شەڕواڵ) کە لەبەر پێ دەخشێ، کەوایەکی کورت، پشتێنێکی پان

کە خەنجەر و قەتاری فیشەکی لێ بەستراوە، کڵاوێکی لبادی سپی کە دەوری بە دەسماڵێکی حەریری گوڵینگدار داپۆشراوە. ئەم مەڵبەندە، ڕووتەڵە و هیچ دار و سەوزاییەکی پێوە نییە. لێرە ژمارەی گوندەکان کەمن و بەرینایییان بچووکە. مەزرا نزمەکان کەوتوونەتە ژێر ئاوی گوڵەوە.

لەوبەرمانەوە، کێوی سەهەند بە شێوەیەکی لێڵ و تەماوی دەبینرێ. دوای تێپەڕبوون لە تەنگەڵانی کەمەرقادا (پشتێنەی بەردەکان) و گوندی «شێخ ئەحمەد»، ناوچەی سۆلدووز دەست پێ دەکا. کەمێک خوارتر، ئەستێرێکی خڕ هەڵکەوتووە کە بە هۆی گەرمای هەتاوی هاوین ویشک هەڵاتووە. خاوەنی ئەم گوندە، واتە ئەسەدخان، ناوبراو بە «سەرهەنگ» (کلنل)، لەگەڵ سوارەکانی هەتا سەر زینوو بۆ پێشوازیمان هاتبوو. ئەو بە شێوەی ئاماژە، مەودای مەزراکانی ژێر دەستی خۆیمان پێ نیشان دەدا و بە کرنۆشێکی سەرنجڕاکێشەوە دەڵێ: «گشتی ئەم گوندە هی بەڕێزتانە و ئەمن شەشدانگی ئەو موڵکە وەک دیاری ئاراستەی حوزووری موبارەکتان دەکەم.» (١)

سی کیلۆمەتر دوای «دیزەج»، گوندی «محەمەدیار» هەڵکەوتووە. دەستەی سواران لە هەموو گوندەکانی دەوروپشتەوە بۆ پێشوازی هاتوون. کڵۆتی ئەسپەکان بە لمەدی باریک و درێژ داپۆشراوە، گوڵینگی هەوریشمی بە قەبرغەی زینەکاندا داشۆڕاوە و بەسەر سنگی ئەسپەکاندا ڕایەڵی چەرمیی هەڵواسراوە. ڕکێفەکانیان گەورە و زیوکارن؛ هاوکات ڕەنگی پشتێن و جلوبەرگی سوارەکانیش زەق و لەچاودەرن. سوارەکان مێزەریان بە دەور کڵاوێکی قووچدا هەڵپێچاوە و لەبان پرچە درێژەکانیان دایانناوە. لە نێوەڕاستی سەرەوە کاکۆڵیان بۆ ئەم لا و ئەو لا، لاداوە. قوماشی ناسکی سۆرانی کە بەجیا بە قۆڵەوە بەستراوە، بەردەوام بە دەم باوە لە سەما و جووڵە دایە، پاشان سەرۆکی خێڵات دەگەنە بەر، کە لە پێشەوە خزمەتکارەکانیان بە تێڵای زیوکارەوە ساز و ئامادەن.

## لە ناو کورداندا

کوێستان هی کوردانە. خێڵی «قەرەپاپاخ»، دۆڵی «قادرچایی»یان داگیر کردووە. کە ڕووبار بەوێدا لە باشوورەوە دەڕژێتەوە گۆلەوە، سۆلدووز کە ناوی ناوچەکەیە، لە بنەڕەت ڕا ناوی تیرەیەکی مەغۆلی بووە کە ئێستا ئیتر شوێنەواریان لێ بەجێ نەماوە. ئەوانەی لە ڕابردوودا ئەو ناوچەیەیان داگیرکردبوو، بە «بووزچالوو» ناسرا بوون کە سەر بە تیرەیەکی تورک بوون، ئێستا لە دەوروبەری هەمەدان سەقامگیرن. شاعەباس، بووزچالووەکانی لێک هەڵبڕی و دەستەیەکی لەوان لە نێوان تەفلیس و ئاقستافا نیشتەجێ کرد. تۆرەمەی ئەوانە پاش زاڵبوونی ڕووسەکان بەسەر ئەو ناوچانەدا، لەبەریان هەڵاتن و خۆیان گەیاندە نزیک «وان» و لە ناوچەی تازە نیشتەجێدا، بە ناوی «قەرەپاپاخ» (کڵاو ڕەش) ناوبانگیان دەرکرد.

عەباس میرزا دوای گرێبەستی تورکەمانچای، ناوچەی سۆلدووزی ڕادەستی ئەوان کرد. لە دواییین کۆچوباردا، سەرخێڵی تیرەکە «نەقی خان» بوو. ئێستا یەکێ لە برازاکانی بە ناوی «نەجەفقولی خان» کە سەرلەشکرە، سەرۆکی میرات پێبراوی خێڵ بە ئەژمار دێ، بەڵام والی ئازەربایجان کە هۆگرە کۆتایی بەم جۆرە خودموختارییە مەترسیدارانە بهێنێت، بە بەخشینی سەرناوی حاکم بە یەکێک لە

ئەندامانی ئەم تیرەیە بە ناوی «حەسەن عەلی خانی میرپێنج»، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی سەرەکی بە شەخسی نێوبراو داوە. سەرەڕای ئەوە، ڕێکخراوە و زنجیرەی پلەبەندی خێڵەکی (سلسلە مراتب ایلی) هەر وا بەمۆریی لەجێی خۆی ماوەتەوە.

خێڵ بریتی لە حەوت دەستەیە کە هەر کام «سەردەستە»ی خۆی هەیە. «نەغەدە» کە شارەدێیەکی شەش سەد ماڵییە، وەک ناوەندی ناوچەکە بە ئەژمار دێت. «قەرەپاپاخ»ەکان پێنج هەزار بنەماڵەن و هەموویان شیعەن. ئەوان جۆرێک سەیدی (سادات) تایبەتیان هەیە کە بە «ئەولادی سەیدعەلی» بەناوبانگن لە گشت جێگۆڕکێ و کۆچەکاندا بەردەوام لەگەڵ خێڵ هاوڕێن. بێجگە لەو حەوت دەستەیەی سەرەوە کە ئاماژەی پێ کرا، تاقمێکیش پاشماوەی ئەفشاری و ئەرمەنی و کلدانی و جوولەکە، لەگەڵ خەڵکانی خێڵی «قەرەپاپاخ» تێکەڵ بوون کە لە سەدوبیست گوندی ئەو ناوچەیەدا دەژین، هەروەها هەزار بنەماڵەش لە «وان»ەوە هاتوون بۆ وڵاتی ئێران، تا لە موڵکی «قەرەپاپاخ»ەکان، بەشی خۆیان دابین بکەن، بەڵام ئەوان سوننەن.

مەسیحییەکان سەرجەم دوو بنەماڵەن کە لە نێوان دوو تایەفەدا بەشێوەی هاوچەشن دابەش بوون؛ ئیشیان وەرزێرییە و لە نێوان موسڵمانەکاندا بڵاوبوونەتەوە. جوولەکەکان سێ سەت بنەماڵەن کە خەریکی وردەفرۆشی و دێوەرەیین. دوو لە سێی ئەوان لەگەڵ خاخامی گەورە، لە نەغەدە نیشتەجێن.

گوندی «محەمەدیار» لەسەر جادەی سەرەکی و لە مەودای دوازدە کیلۆمەتریی ڕۆژهەڵات، لە ناوەندی ناوچەکە هەڵکەوتووە. لەوێوە بەرەو سابڵاغ دوو ڕێگا هەیە: ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ بەدرێژایی سی کیلۆمەتر کە بە کوێستاندا تێ دەپەڕێ و ئاغامحەمەدخان بنیادنەری پاشایەتی قاجار بەوێدا تێپەڕیوە و ئەو ڕێگایەی بە ناو خۆوە کردووە، بەڵام بۆ ڕەچاوکردنی قایمکاری، ئێمەیان ناچار کرد بە دەورانەوەری مووچەکان و لەوەرگەکانی «قادرچایی»دا، مەودایەکی دوورودرێژ بسووڕێینەوە.

لە دەشتی «شار وێران» بەو لاوە، وڵاتی کوردان دەست پێ دەکا. لەسەر ترۆپکی کێو چل سوار بەڕیزە لەگەڵ «ئاغا»ی گوندی هاوسێ، چاوەڕێی هاتنمان دەکەن. «کەریم ئاغا» سواری ماینێکی سپییە کە هەموو ئەندامیان خاڵکوت کردووە (لە لای کوردان، ماین گرانتر و پڕ بایەختر لە ئەسپی نێرە). براکەشی بەناو «کەرەم خان» سواری ئەسپێکی ترە، کە تفەنگی ئەربابەکەی لەسەر ڕانە و بە دوایدا دەڕوا. ئەم دووانە لە حاند فایتوونەکەمان، سووڕێکی توند لێ دەدن و ئەسپەکانیان دێننە ڕمبازێن، کەچی سوارەکانیان، هەر کام لە سووچێکی دەشت پەرتەوازە بوون. «ئاغا» جلوبەرگی تایبەتی بۆنەکانی لەبەر کردووە: جلوبەرگی ژێرەوەی پارچەیەکی لبادە بە ڕەنگی بەڕوو؛ جلوبەرگی سەرەوەی کەوایەکی ڕەشە کە پشتێنی ئاوریشمی ڕەشی گوڵداری لەسەر بەستووە، لەگەڵ ئەوەش، خەنجەرێکی چەماوەی لەبەر پشتێن ناوە. تەقیلەکی سپی کردووەتە بان سەرە تاشراوەکەی و بەسەر ئەویشدا کڵاوێکی مەخمەری زەردی کەڵلەقەندیی داناوە کە بە گوڵێنگی ڕەش خەمڵاوە، بەدەوریشیدا مێزەرێکی بنەوشی بەستووە. باوکی دەمێک ساڵ لەوەپێش، لە گوندی «قزڵ قۆپی» کە موڵکی بنەماڵەکەیەتی، ئەمری خودای کردووە.

کەریم ئاغا لە ژێرچاوەدێری «عەزیز ئاغا»ی مامیدا پێگەیشتووە کە پلەی «بیگلەربەیگی»

تیرەی هەبووە، لەم دواییانەدا هاتووەتە گوندی «کۆسەکەریز» تا لەوێ ژیان بباتەسەر. لە ژووری ماڵەکەیەوە، لەسەر ئەو فەرشە جوانانە دادەنیشت وا ژنان لە کاتی پشووی زستان بۆ ئەربابەکەیان چنیبوو، من سەربانی ماڵەکانم دەدەی کە قامیش و تفاقی ویشک و تەپاڵەیان لەسەریەک هەڵچنیبوو. کەمێکیش دوورتر مەزرای زەرد و جاڕەکانم دەدی کە دەکەوتنە پشت گردەکانەوە.

کەریم ئاغا وەک هەر گەورەیەکی کورد، لە موڵکی خۆیدا دەژی. پیاوێکی کەڵەگەتی بەلەباریکی لووت هەڵۆییە کە ڕیشی تاشیوە و پێستێکی تاوسووتی هەیە، پێی ناوەتە سی ساڵییەوە و تەنیا ژنێکی هەیە. لە سەرەتای لاوەتیدا، خزمەتکارێکی باوەڕپێکراو، توانی لە نێوان بنەماڵەکانی دەرەبەگی دەوروپشت، ژنێکی باشی بۆ بدۆزێتەوە. ژنانی کورد هیچ کات ڕووی خۆیان داناپۆشن. بە پێچەوانەی ئاغاکان، پیاوانی ئاسایی پابەند بوون کە پێش ژیانی هاوبەش، هاوسەرەکەیان بناسن. سەرەتا ڕاسپاردەیەکیان بۆ ماڵی کچ دەنارد؛ دوای تاووتووی پەیامی ڕاسپاردە، ئەو کات بڕیاری یەکجارەکی دەردەچوو، ئەوجا دەستبەجێ خزمێکی نزیک دەچوو بۆ خوازبێنی و کارەکەی تەواو دەکرد و مارەییان دەبڕی(٢). لە ڕۆژی دیاریکراوی ڕێوڕەسمی زەماوەند، دەستەیەک سوار و خزمەتکاری بنەماڵەی زاوا، بە تەپڵ و دووزەلەوە بۆ بووک هێنان دەچوون. زاوا لەگەڵ خزم و کەسوکاری، تا نیوەی ڕێ دەچوونە پێشواز و لە شوێنێک چاوەڕێ دەمان. وەختێک دەستەی پێشەنگی بووک وەدەردەکەوت، بەگوێرەی نەریتێکی ئێرانی، زاوا میوە، یان کەڵەقەندێک وەک نیشانەی قبووڵکردن پێشان بووک دەدا. دوایەش لە ماڵی مەلایەک مارە دەکرێ و مارەیی هەر چەند بێ لە دەفتەردا دەینووسێ. کەریم ئاغا و ژنەکەی، تا ئێستا سێ منداڵیان هەیە کە مەلای ناوچەکە وانەیان پێ دەڵێتەوە. منداڵەکان جیا لە زمانی کوردی، فارسی و کەمێکیش تورکی فێر دەبن.

کەریم ئاغا پیاوێکی جوامێر و نەجیب زادەیەکی هەردییە کە هەموو کاتی خۆی بۆ پارێزکاری و وەرزێری تەرخان کردووە. بە تەنیایی موڵکی ژێردەستی بەڕێوە دەبا و کوێخا و گزیریش لە گونددا نییە. خۆی داهاتی گەنم دەفرۆشێ و پێداویستی ژیانی لە ورمێ و بە دەگمەن لە سابلاغ، دابین دەکا. ئەگەر خەڵکی ئاوایی تووشی کێشەیەک بن و نێوان ناخۆشیان بکەوێتە بەینەوە، خۆی بەدواداچوون بۆ بابەتەکە دەکا و بڕیاری پێویست دەردەکات. ئەگەر «ئاغا»ی دوو گوند، پێکەوە خزم بن، لە بەینی خۆیاندا کێشە و گرفتەکان چارەسەر دەکەن، یان دەچنە لای مەلایەکی ناسراوی ناوچەکە.

خانەخوێیەکەمان ژیانێکی ساکاری هەیە و بەردەوام خەریکی چاودێریی کاروباری گوندە. ئەو تەنیا بۆ دیمانەی قازی و حەکیم، یان ئەگەر حاکمی ئێرانی بانگی بکا، سەردانی سابلاغ دەکات؛ لەبەروەی بیەوێ و نەیەوێ دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی، تەواو بە فەرمی دەزانێ. هێندێ جار سەرێکیش لە «شەریف کەند» دەدا کە شوێنی نیشتەجێی «شێخ یووسفی شەمسەددین»، مراد و پیرەکەیەتی. لە بواری کێشەی ئایینی و شەرعیدا پەیڕەوی بیروڕای ئەو دەکا.

بۆ سبەی کە خۆر هەڵات، دوو پیاو لە کۆڵانەکانی «کۆسەکەریز» بۆ کۆکردنەوەی سوار بەم لا و ئەو لادا لە هاتوچۆدا بوون. «تەپڵچی» تەپڵ و «چاوەش» زوڕنای لێ دەدا. زوڕنا جۆرە

شمشـاڵێکی قەبـە و قوڵەیـە کـە دەنگێکـی زۆر تیـژی هەیـە. کەریـم ئاغـا تفەنـگ لەسـەر ئەژنـۆ، لەسـەر سـەکۆی ماڵەکـەی دانیشـتبوو. بیگلەربەیگـی بەسـاڵاچوو، لەگـەڵ هێزەکـەی خـۆی، لـە «قـزڵ قۆپی»یـەوە ڕەگەڵمـان کەوتبـوو. جارناجـارێ دەنگی تەپـڵ و دووزەلـە لـە هـەودا بـڵاو دەبـووەوە. زوڕنـاکان لـە پۆشـەنی چێـوی دەهاتنـەدەر. تاقمـێ سـوار بـە تیزماڵکـی چەرمـی، تونـد دەیانکوتـا مـل ئـەو تەپـڵ و دمبەگانـەی کـە بـە قەڵپـووزی زینـی ئەسـپەکانەوە قایـم کرابـوون.

تـا سـابڵاغ بیست کیلۆمەترمان مـاوە. ڕێگا بە لای شـارێکدا تـێ دەپـەڕێ کـە دەوروپشـتەکەی پڕاوپـڕە لـە دار بـی. دوای «یووسـف کەند»، ڕێ بۆ فایتوون نابـێ. لـە شـار و گوندەکانـی دەوروبـەرەوە، پتـر لـە پێنـج سـەت سـوار هاتبـوون تـا ڕێـژەی هاوڕێکانمـان بـە سـۆنگەی خۆیانـەوە زیاتـر بکـەن. بۆ سـواربوونم ئەسـپێکی زیـن و بـەرگ ڕازاوەی تۆقـی زێـڕ لـە ملیـان تەرخـان کـردووە. بەگوێـرەی دابونەریتـی میوانداریـی کـوردان، لـە پێـش ئـەو ئەسـپەی سـواری بـووم، گەورەپیـاوان و سەردەسـتەکان، ئەسـپەکانی خۆیـان بەخێرایـی دێنـا هەڵسـووڕان و ڕمبازێـن. تاقمێکـی زۆر لـە سـواران بـۆ هاویشـتنی «تەقڵـە» ئەسـپەکانیان چوارنـاڵ غـار دەدا. تەقڵـە بریتـی بـوو لـە دارەدەسـتێکی سـووکەڵە کـە لـە دوو جەمسـەرەکەی تۆپەڵـی چەرمیـان دەبەسـت. ئـەم دارەیـان کـە لـە زەوی دەدا، بـۆ لای ئەسـپەکە هەڵدەبەزییـەوە. لـەم کاتـەدا ئەسـپسـواری لێهاتـوو دەبـوو بـە حـەواوە بیگرێتـەوە.

سـابڵاغ شـارێکی بچووکـە و پـازدە هـەزار جەمـاوەری هەیـە. ئـەم شـارە دەکەوێتـە دەسـتی ڕاسـتی ڕووبـار و لـە دۆڵێکـی هـەراو هەڵکەوتـووە. لای چەپـی ڕووبارەکـەش هەمـوو بـاخ و دارمێـوە. ئـەم شـوێنە، تەنیـا ناوچەیەکـی ئازەربایجانـە کـە کوردەکان تێیـدا تـا دەشـت و زەوینـی تەختایـی داگـەڕاون.

گەورەتریـن گرووپـی کـوردی باکـووری ئێـران (٣)، نیشـتەجێی ئـەم شـارەیە. کـورد هـەر لـە سـەردەمی تەیمووری لەنگەوە لـەم ناوچانـەدا ژیاوە. مێـژووی وڵات وامـان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە موکرییـەکان لـەو سـەردەمەدا، لەژێـر فەرمانـی دوو بـرادا بـە نـاوی «بابـا عومـەر» و «میرپاشـا»، لـە قـەراغ فوراتـەوە هەڵکشـاونەتە دەوروبـەری گۆلـی ورمـێ، کـە یەکیـان لـەوان لـە داوێـن و پێدەشـتەکانی وڵاتـی ئێـران گیرسـاوەتەوە و ئـەوی تریـان لـە شـاری مووسـڵ (٤)، هەڵکەوتـوو لـە خاکـی تورکیـا، سـەقامگیر بـووە.

موکرییـەکان جـوان نەجووڵانـەوە و کردیانـە بـاری لاسـاری و بەگـژ هێـزی پەرەسـەندووی سـەفەویدا هاتـن. وێرانبوونـی شـاری کورسـی نشـینی ئـەوان، بووەتـە هـۆی ئـەوەی ئـەم دەشـتە یەکسـەر بەنـاوی «شـار وێـران» نـاو دەربـکات. سـەرۆکەکەیان ماوەیـەک لـەم کێـو بـۆ ئـەم کێـو هـەڵات تـا ناچـار بـە دەسـەڵاتی تـازە دامـەزراو ملـی دا و بـە ئەمـری شـای ئـەو کات، حکوومەتـی میـرات پێبـڕاوی ئـەم ناوچەیەیـان پـێ دا.

«شـیرخان» بنیادنـەری «سـابڵاغ»، لـە کاتـی شـەڕ لەگـەڵ تورکانـدا دەکـوژرێ. کوڕەکـەی بـە نـاوی «پیـر بـوداق سـوڵتان»، کـە لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤـدە لەوپـەڕی شـۆرەت و دەسـت ڕۆیشـتووییدا بـوو، باپیـرەی بەرێـزی ئەوان[موکرییـەکان] بـە ئەژمـار دێ. بـە فەرمانـی ئـەو، مزگەوتـی جامیعـەی شـار دروسـت کـرا و وەرەسـتا (وەقف)یش بۆ کار و باری ئایینی دابین کـرا. گومبـەدی قەبرەکـەی لەسـەر بڵندایيەکانـی نزیـک شـار دەبینـرێ. هەڵبـەت ئێسـتا بیناکـەی ڕووخـاوە و بـەردی قەبرەکانـی ئـەم بنەماڵەیـە

هەمووو دەوروبەری بیناکەی داگرتووە. ڕیزی بەردەکان کە بە شێوازی ئاسۆیی لەسەر زەوی ڕاکێشراون، تا دەرەوەی بیناکە درێژەی هەیە.

## موکری و دێبوکری

«بوداق سوڵتان» دوو کوڕی بە ناوی «عەبدولعەزیز سوڵتان» و «عەولا بەگ» هەبوو. لە کوڕی یەکەمی «خانزادەکان» کەوتەوە کە لە شار کۆچێ بوون و لە ڕەچەڵەکی کوڕی دووەمی، «بەگزادەکان» کە لە کوێستان پەرتەوازە بوون. ئەم دوو لقە، پێکهێنەری چینی خانەدان و نەجیبزادەکانی هۆز بوون و لە نێوان ئەواندا، سەرکردە و سەرگەورەکان هەڵدەبژێردران، بەڵام بەپێچەوانەی نەریتی باو، لە نیوەی سەدەی ڕابردوودا، کوردێکی ڕەوەکی لە هۆزی «موکری» (٥)، دەبێتە حاکمی سەرانسەر ئازەربایجان. ئەو لە سۆنگەی ئەو پلە و پێگەیەی کە بە دەستی هێنا، توانی هێزی ئەوانەی لە هۆزدا، تەنیا بە لایەنگەلی پێوەندی بنەماڵەییەوە بووبوونە خاوەن ناو و تازیاری، بنبڕ بکات. لەم ڕێکەوتەوە، ئیتر موکرییەکان بۆیان نەبوو لە ناو خۆیاندا حاکم بۆ شار دیاری بکەن، بەڵکوو حاکمێکی ئێرانییان بۆ دەناردن تا لە سابڵاغ سەقامگیر بێ.

ماوەی سێ ساڵە پیاوێکی تەورێزی بەناو «ڕەشیدولموڵک» (٦)، توانیویە لە بەڕێوەبردنی کاری چەتوونی ئەم ناوچەیە هێندێ سەرکەوتن بەدەست بێنێ. ئەو یەکباڵە و لەگەڵ تاقمێک کارگێڕی پایەنزمی سەر بە دەوڵەت، وەک هێمایەکی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندیی لە ناو کوردەکاندا چاو لێ دەکرێ. لەبۆ کاروباری فەرمانڕەوایی، هیچ سەربازگەیەک پاڵپشتی نییە، تەنانەت لەم شارەدا لە کۆمەڵگەی شیعەکانیش دابڕاوە. لە مانگی موحەڕەم و ڕەمەزان دا، چەند کەسێکی پرسەگێڕ، لە تەورێزەوە دێن بۆ سابڵاغ تا بەتایبەتی بۆ ئەو سەردولکەبێژی بکەن. خەڵک لە ئامادەکردنی سەرباز و سوار پەڕاوەن و تەنیا باجێکی ناقابیل بە دەوڵەت دەدەن. لە هەمان کاتدا هەرچەند هۆز، پێکهاتەی سەرەتایی خۆی لە دەست داوە، بەڵام هێندێ عەشیرەتی بچووک هەر بەم جۆرەی زوو کە هەبوون، هەر وا ماون. بەڕێوەبردنی ئەوان، پێویستی بە وردەکاری تایبەت و مشوور و تەگبیرە. پێوەندی نێوان خەڵکی دەشتایی و کوێستانی دەبێ بەجۆرێک بێ کە دەستەی دواییین، بەرەو لای تورکەکان ڕانەکێشرێن. دابەشینەوە و دابەشکاری مووچە و سەرناو و نیشانگەلی فەخری و پلەی سەربازی، لەو بابەتانەن کە تاکەکانی هۆز بە حکوومەتەوە هۆگر و پابەند دەکا.

نزیکەی پەنجا هەزار بنەماڵەی «موکری» و دە هەزار بنەماڵەی «دێبوکری» وجوودیان هەیە. «دێبوکری»یەکان باشترین یاریدەدەری دەوڵەتن. ئەوان لە سەدەی هەژدەدا بە هۆی کلۆڵی و نەداری، ناچار بوون وڵاتی دیاربەکر جێ بهێڵن و دوای تێپەڕبوون بە مەزرای «موکری»یەکاندا، گەیشتنە قەراغ گۆلی ورمێ. چون خەڵکێکی وریا و چالاک بوون، زەویوزاری خۆیان ئەوەندە بەرفراوان کرد کە کەم کەم سەراسەری دەشتی «شار وێران»یان داگیر کرد، ئێستا ئەوان خاوەن دووسەت «ئاغا»ی گوندن. «قادراغا» دەوڵەمەندترین ئاغای ناو ئەوانە کە تەواوی دۆڵ تا دەروازەکانی شاری سابڵاغ موڵکی تایبەتی ئەو بە ئەژمار دێ.

ڕێژەی گوێدێری و بەرفەرمانیی موکرییەکان،

یـان دێبوکرییـەکان لـە هێـزی ناوەنـدی، بـە هـەر ڕادەیـەک بـێ، ئـەوان سـەبارەت بـە بنـە و بنەچەیـان زۆر دەمارگـرژ و ئەمەگـدارن. هەمیشـە هۆگـرن کـە بـە زاراوەی تایبەتـی خێڵـی خۆیـان ئاخافتـن بکـەن. چـون زمانـی کـوردی زمانێکـی ئێرانییە، ئـەوان لەچاو تورکـی، زیاتـر حـەز بـە فێربوونـی زمانـی فارسـی دەکـەن. نزیـک شەسـت بنەماڵـەی ئەرمەنـی و چەنـد بنەماڵـەی کلدانـی، بـە ئاسـوودەیی و بـێ نیگەرانـی لەگـەڵ کوردەکان دەژیـن. ئـەم چەنـد بنەماڵەیـە، لـە هەمـوو شـوێنەکان، بەتایبـەت دەسـتەیەکی زۆریان لە «سـاین قەڵا» و «میاندواو» و «سـەردەشـت» بڵاوە بـوون کـە لـە ڕێگـەی گەڕیدەیـی و وردەواڵەفرۆشـی و کاری لـەم چەشـنە بژێـوی خۆیـان دابیـن دەبـێ.

بازرگانیـی سـابڵاغ لـە دەسـت کـوردەکان و جوولەکـەکان دایـە و چەنـد کەسـیش لـە تەورێـزەوە بـۆ بەڕێوەبردنـی ئـەم چەشـنە کارانـە هاتـوون. تاقمێکـی مووسـڵی و عـەرەب و کلدانـی و ژاکوبیـت -یـش لـەم شـارە خەریکـی مامەڵـە و کاسـبین. «ژاکوبیت»ـەکان (٧)، قوماشی پەشم و هەوریشمی سـووریایان بـە تێپەڕگـەی «ڕواندز»دا دێنـا. کڕینـی شـتەکانی تـر لـە تەورێـز و هەمەدانـەوە، بـە تایبـەت لـە ئەردەبیـل دابیـن دەبـوو. لێڕەواری بەربـڵاو کـە کوێسـتانی نێـوان بانـە و سەردەشـتی داپۆشـیوە، کاڵاگەلـی هەنـاردەی بنکـەی بازرگانیـی خۆماڵـی؛ وەک شـیلاوگە و مـازوو- کـە لـە ڕێگـەی ئاسـتاراوە بـۆ ڕووسـیا دەنێـردرا- لەگـەڵ هێندێـک کەرەسـتەی خومگـەری دابیـن دەکـرد کـە لـە بـازاڕی پیشەسـازی تەورێـز و هەمـەدان دەکار دەهـات.

**پەراوێزەکان:**

١- جنـاب عالـی بـە مانـای وشـەیی، واتـە بـەردرگای بڵێنـد و بـەرز؛ لەبـاری ناوەرۆکـەوە بەرابـەری Excellence فەڕەنسـییە. لـە ئێـران ئـەم دەسـتەوشـەیە سـەبارەت بـە ژمارەیەکـی زۆری خەڵـک بـەکار دەبـردرێ. «پێشـکەش»، بریتـی لـە دیارییەکە کە لـە لایـەن کەسـێکی خـاوەن پلـەی نزم بـە مەقامێکـی گەورەتر دەبەخشـرێ. لـە کاتـی سـەفەر لـە ئێـران سـەردانی هـەر کـەس بکـەی، دەسـبەجێ «دیاری»یەکت ئاراسـتە دەکا، بـەڵام ئـەوە خوڵقێکـی سـواو و پڕوپووچـە کـە لـە دابونەریتـی هەڵسوکەوتی ئێرانییـەکان دایـە. ئیسـپانییەکانیش هـەر بـەم یەکرووییـەوە! دەڵێـن: «لـە خزمـەت بەڕێزتـان دایـە!» [ئۆژیـن ئوبیـن]

٢- بـڕی مارەیـی لـە یـەک تمەنـەوە تـا هـەزار تمـەن – بـەپێـی دۆخ و پێگـەی هـەر دوو لا – دەگـۆڕدرا. [ئۆژیـن ئوبیـن]

٣- لـە ئێـران و لـە درێژەی کێوەکانی کوردسـتاندا مەزەنـدە دەکـەن، نزیکـەی شـەش سـەت تـا هەشـت سـەت هـەزار کـورد هەبێـت: لـەم ژمارەیـە دووسـەت و پەنجـا تـا چوارسـەت و پەنجـا هـەزار کـەس لـە باکـوورە؛ سەدوبیسـت هـەزار کـەس لـە سـنەیە و دووسـەت و سـی هـەزار کەسـیش لـە کرماشـان نیشـتەجێن. [ئووژێـن ئووبێـن]

٤- مووسـڵ، ئێسـتا یەکێک لـە شـارەکانی عێراقـە، بـەڵام لـە هێندێـک چاخـی مێژوودا، زۆربـەی خاکـی عێراق سـەر بـە ئیمپراتۆری عوسمانی بـوو. لـە پێش ئەوەشـدا مووسـڵ بەشـێک لـە خاکـی ئێـران بـە ئەژمار دەهات.[وەرگێـڕی فارسـی]

٥- مەبەسـت عەزیزخانـی موکرییـە. [وەرگێـڕی کـوردی]

٦- دوای حاجـی سـەمەدخانی شـوجاعولدەولە لـە سـەردەمی یەکـەم شـەڕی جیهانـی، تەقـی خانـی ڕەشـیدولمولک، یـان سـەردار ڕەشـید، بوو بـە جێگری ئـەو لـە حکوومەتـی ئازەربایجـان. بەپێـی کتێبـی «رجـال آذربایجـان»، ڕەشـیدولمولک لـە بنەڕەتـدا خەڵکـی ورمـێ بـووە نـەک تەورێـز، بنەماڵەکەشـی پاشـناوی «نەویانی»یـان بـۆ خۆیـان هەڵبـژاردووە. [وەرگێـڕی فارسـی]

٧- Jacobites: گرووپێکـی مەزهەبـی پاوانخـوازی مەسـیحی بـوو لـە سـووریا کـە لـە لایـەن ژاکـەوە لـە سـەدەی شەشـەمدا پێکهـات. [وەرگێـڕی فارسـی]